**مالمیسانژ**

# جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان

**(١٩١٢-١٩٢٢)**

**(یەکەم ڕێکخراوی یاسایی تەلەبەی کورد)**

لە تورکییەوە وەرگێڕانی:

**زریان ڕۆژهەڵاتی**

پێشەکیو پێداچوونەوەی

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**


بنکەی ژین

**سلێمانی ٢٠٠٨**

٣٧١,٨٣

م ٢٧٥ مالمیسانژ

جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان/ دانانی مالمیسانژ؛ وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی؛ پێشەکیو پێداچوونەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە.- سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٨.

٤٥٩ل: ١٤,٨×٢١ سم، وێنە، بەڵگەنامە.- زنجیرە؛ (٨٦)

١- جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان ٢- خوێندکاران- کۆمەڵە

٣- ناونیشان ٤- زنجیرە؛ (٨٦)

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێنو پێرستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ٨٦

کتێب: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان (١٩١٢-١٩٢٢)

یەکەم ڕێکخراوی یاسایی تەلەبەی کوردان

دانەر: مالمیسانژ

وەرگێڕ: زریان ڕۆژهەڵاتی

پێشەکیو پێداچوونەوە: عەبدوڵڵا زەنگەنە

تایپ: سیروان خەلیل

مۆنتاج: لاس

خەتی بەرگو رووبەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ١٠٠٠

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٢٣٢ی ساڵی ٢٠٠٨

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

**لە بڵاوکراوەکانی**

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو ڕۆژنامەوانیی کوردی**

**هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣**

**نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩**

**سنووقی پۆست: ١٤** E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com

## پێشگۆتن

**عەبدوللا زەنگەنە**

خوێنەری هێژا و خۆشەویست...

(**جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان**)، ئەو ڕێکخراوەی قوتابی و لاوانەیە، لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دامەزراوە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆکەش کاریگەریی خۆی لەسەر بیرو لێکدانەوەی هەر کەسێکی کورد و ئەو سەرکردانە دەبێ، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان تاقە کتێبێکیشیان لەبارەی مێژووی نەتەوەکەیان خوێندبێتەوە، هەندێ لە سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە تا دوا چارەکی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەژیاندا مابوون، بەڵام بەداخەوە ئەوسا لەبەر چەوسانەوەی میللەتەکەمان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو حکوومەتانە، کە بەبێ ویستی خۆمان، وڵاتەکەمانیان بەڕێوەدەبرد، تۆژەرو لێکۆڵەرانمان نەیانتوانیبوو یان نەیانپەرژابووە سەر ئەوەی بتوانن چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ماندوونەناسانە بکەن و چەمکە کاریگەرەکانی مێژووی ئەو ڕێکخراوانە و نەتەوەکەیان ساغ بکەنەوە، لەلایەکی دیکەوەش هەموو ئەو بڵاوکراوەو نامیلکە و گۆڤارو ڕۆژنامانەی ئەو ڕێکخراوە دەری کردبوون و بڵاوی کردبوونەوە، تاوەکو ئەمڕۆکەش، هێندێکیان لەبەردەستدا

نین، بۆیە لەبەر ئەو هۆیانەو زۆر ئاستەنگی دیکەش زۆربەی چالاکیی و کاریگەریی ئەو ڕێکخراوە بە پەنهانی مابووەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەم دواییانە بەسەر ناوچەکەدا هات، ئەوەبوو، لە دوای ڕاپەڕینەوە هەلو مەرج و دەرفەتێکی وا هاتە ئاراوە کە زۆر لە نووسەرو تۆژەرانمان، بەمەبەستی ساغکردنەوەی مێژووی نەتەوەکەیان، درێغی لە پەیداکردنەوەی ئەو سەرچاوەو بەڵگەنامە شاراوانە نەکەن، تا وای لێهات زۆر چمکی مێژووی ئەم کۆمەڵەیەش هەڵدرایەوە، دڵنیام ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بەڵگەو سەرچاوەی دیکەش دەکەونەوە بەردەست.

ئەو کتێبەی وا ئێستا لەبەردەست تۆی خوێنەر یان تۆژەری خۆشەویست دایە و هەڵگێڕو وەرگێڕی دەکەیت، تا بزانی چەندە ڕاستگۆیی تێدایە و چەند بەکەڵکی خوێندنەوە دێت، من گومان دەکەم، خۆ جاروباریش گومان بردن بەسوودە، کە دەبینی ناوەکەی ئێمە لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوەو پێداچوونەوەیەکی خراوەتە پاڵ، پرسیار لە خۆت بکەی، چۆن دەبێت هەریەکێك بێتو بە کتێبێکدا بچێتەوە کە ئەو زمانە نەزانێ کە لەئەسڵدا کتێبەکەی پێ نووسراوەو لەلایەن کەسێکی دیکەوە وەرگێڕدرابێت...؟! بەڵام حەز دەکەم هەلوەستەیەك بکەی، چونکە منیش پاساوی خۆم هەیەو حەزدەکەم گوێم لێ بگیرێ.

جارێ لای هێروە، ئەوا بۆ سێ ساڵ دەچێت زۆر مەراقم بووەو بەپەرۆشم ئەم کتێبە زوو بکرێتە کوردی، بەڵام مەرجی ئەوەم هەبوو کە خۆم پێیدا بچمەوە، بۆیە لەسەر ئەم حەزەم بەردەوام هاوکارانم لە (**بنکەی ژین**) هەراسان کردبوو، هەمووجار، دەمگووت ئەگەر ئێوە بەکەسێکی

دیاریکراوی ناسپێرن ئەوا خۆم هەوڵ دەدەم بەهەر نرخێك بێت لە هەولێر بیدەمە وەرگێڕێکی باوەڕپێکراو لە زمانی تورکیدا، تەنانەت بیرمە جارێکیان بەڕێوەبەری بنکەم راسپارد چەندەی بتوانێ هەوڵی زیاتر بدات تا ئەو کتێبە زووتر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، تەنانەت ئەگەر (**بنکە**) هەموو پارەکەیشی پێ دابین نەکرێ، ئەوا ئێمە لە خەرجی خۆشمان بگرینەوە بەشداری بەشێکی کرێی وەرگێڕانی دەکەین، دواتر کە لە (**بنکەی ژین**) هەموو ئاستەنگەکانمان لەپێش خۆم و هاوەڵانم وەلا نا، ئەوەبوو چەند رۆژێك لەمەوبەر هەواڵیان دامێ کەوا پتر لە (١٠٠) سەد لاپەڕەی (**A4**)ی کتێبەکە کراوەتە کوردی و دەتوانی پێیدا بچیتەوە.

بیرمە ئەو رۆژە زۆر بەپەلەو بەبێ دەنگی چوومە گەراجی بەغدا لەوێ سواری تاکسییەك بووم و بەڕێی کەرکوك دا بەرەو سلێمانی چووم ، کە لە(**بنکەی ژین**) بابەتەکەم وەرگرتەوە، سەرباری برسییەتی و ئەو هەموو ترس و ناخۆشییەی لە رێگا تووشمان هاتبوو، لەخۆشیان دەروونم بە کارەکە زۆر ئاسوودە بوو ، هەر بۆ ئەوەی زووتر ناوەڕۆکی کتێبەکە بخوێنمەوە بەتەمابووم ناوی خوای لێ بێنم و زووتر بەرەو گەراج ببمەوە، ئەوەبوو لەو کاتەدا بەڕێوەبەری بنکە، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە، بەسەردا هاتنەوە، کە بینیان لەسەر رۆیشتنم داوایان لێکردم تا کەرکوك لەگەڵ ئەوان بچم و لەوێش بەشداری لەو پرسەیەدا بکەم کە ئەوان بۆی دەچوون، ئەوەبوو بەگەڵ ئەوان کەوتم و ئەوەی پێویست بوو جێبەجێمان کرد، دواتر وەکو بڕیاربوو لامان نەدایە هیچ چێشتخانەیەك، راستەوخۆ منیان لای گەراج داناو خۆیان گەڕانەوە سلێمانی، دیارە منیش دەمێکە کردوومەتە عادەت،

هەرچەندەی برسیشبم، کەم وابووە لە شوێنی وا بچمە جێشتخانە(*)، بۆیە تا نەفەر پەیدابوون، لەناو تاکسییەکە دانیشتم و کەوتمە خوێندنەوەی ڕەشنووسی لاپەڕەکانی ئەو کتێبە.

---

(*) لەدوای ڕووخان و نەمانی دەسەڵاتی ڕژێم لەم وڵاتەدا هەموو ئەو تاکسییانەی لەهەولێرەوە دەچنە سلێمانی، بەپێچەوانەوەش، هەر دەبێ بەکەرکووکدا بڕۆن، ئەو ڕۆژەی کە ئێمە دەمانویست سەفەر بکەین (د. **عەبدولسەتار تاهیر شەریف**)ی تێدا تیرۆر کرابوو، بۆیە ڕێگاو کۆڵانەکانی ناو شاری کەرکووک هەموویان قەرەباڵغ بوون و زۆربەی ڕێگاکان گیرابوون، چەند جارێك ڕێگەمان گۆڕی و ئەم سەرو ئەو سەرمان کرد ئەوەبوو، لەنێو بۆڵە بۆڵی نەفەرەکانی هاوسەفەرم، دوای سەعات و نیوێك زیاتر، ئینجا توانیمان لەشار دەربچین، دوای دەرچوونیشمان تووشی ڕەتلێکی ئەمەریکییەکان بووین، ئەوەبوو ئەم جارەیان من لەگەڵ شوفێرەکە تێکگیرام و تووشی گرفت هاتم، چونکە کابرایەکی زۆر سەرەڕۆ بوو دەشیەویست لەنێو ڕیزی دوو سێ کیلۆمەتری ئۆتۆمبێلان دەرچێ و بەڕێگەی پێچەوانە لێیانەوە تێپەڕبێ، دیارە هەرکەس دەرچووبایە سەربازەکانی سەر زرێپۆشی ئەمەریکییان ، ڕووی چەکەکانیان تێدەکردو ئاڵای سووریان بەڕوودا هەڵدەشەقاند، وادیاربوو داوایان دەکرد بگەڕێینەوە سەر ڕێگاکەو ڕیزی خەڵکەکە ئەگەر نا تەقەمان لێ دەکەن، دواتر کاتێ لە گەراج دابەزین، کاکی شوفێر، لەسەر هەقی خۆشم کە نەمهێشتبوو بەپێچەوانەی ڕێگادا بمانبات و تووش گۆبەندێکمان بکات، بەگژم دا هاتەوەو هەندێ گرفتی بۆ دروست کردم، ، سەرباری ئەم هەموو ماندووبوونەو بارە دەروونییەی هەمبوو، بەزگی برسیش گەیشتبوومە جێ، لەوێ دیاربوو کاتی خواردن نەمابوو، کەسیش خولقی نەکردین ئایا نانمان خواردووە یان نا، بەو حاڵەشەوە هەموو کارەکانمان جێبەجێ کران و وەرگێڕانی ئەم کتێبەمان لا گرنگتر بوو!

حەزدەکەم ئەوەش بزانن کە چەند ساڵێکە لەبەر کزی چاوەکانم نەمتوانیووە لەناو ئۆتۆمبیل تاقە وشەیەکیش بخوێنمەوە، کەچی بۆ ئەم کتێبە چاوەکانم گەش بوونەوەو تا گەیشتمەوە، بەبێ ئەوەی ئاگام لە کات بمێنێ، (٢٨) لاپەڕەم لێی خوێندەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەکیش دەیان جار دەستخۆشیم لە وەرگێڕی کتێبەکە کردووە، کە تاوەکو ئەمڕۆکەش شەرەفی ئەوەم پێ نەبڕاوە ببینم و لە نزیکەوە بیناسم، دوای گەیشتنەوەشم تا سەعات دوانزەی شەو هەموو لاپەڕە تایپکراوەکانم خوێندەوە، چەند ڕۆژێکیش دواتر تایپی لاپەڕەکانی دیکەش تەواو بوون، کە لەخوێندنەوەی ئەوانیش بوومەوە زوو زانیم کەلەبەرەکان لەکوێن و چی بۆ ئەم کارە پێویستە..؟! ئینجا بڕیارم لەگەڵ خۆم دا، بەڵێ پێویستە بەم کتێبەکەدا بچمەوە، لەوانەیە هەندێکتان پرسیار لەخۆتان بکەن و بڵێن ئەوە چۆن پێداچوونەوەیەکە کە خۆت لەبەر تورکی نازانیت دوودڵ بووی پێیدا بچیتەوە !

بەڕاستی حەزدەکەم بزانن من پێم وایە پێداچوونەوەی کتێب هونەرێکی پڕ لە لێپرسینەوەیە، بەڵام لەبەر زۆر هۆو هۆکار لە هەموو کەس زیاتر خۆمان بە موستەحەقتری پێداچوونەی ئەم کتێبە زانیوە، چونکە لەساڵی (٢٠٠١)ەوە، بەردەوام بەدوای ئەو سەرچاوانەدا گەڕاوین و خوێندوومانەتەوە کە باسی (**جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان**)ی تێدا کراوە، هەروەها شارەزاییەکی باشیشمان لەسەر قۆناغەکانی دامەزراندن و دووبارە دامەزراندنەوەی ئەو ڕێکخراوە هەبووە، چونکە کاتی خۆی هەر چوار ژمارەکەی گۆڤاری (**ڕۆژی کورد**)مان، بە بابەتە کوردی و تورکییەکانییەوە، خوێندۆتەوە، بەپاڵپشتی پتر لە (٨٠) سەرچاوە لێکۆڵینەوەیەکی وردمان

لەســەر کــردووە، پاشــان هــەموو ژمارەکــانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥-٤، ١٠))ی گۆڤاری (**هـەتاوی کـورد**)مـان، دیـسان بـە بەشـە کـوردی و تورکییەکانـەوە، خوێندۆتەوەو وشە بەوشە لێیان ورد بووینەتەوە.

هــەروەها دۆســێیەکی تایبەتیــشمان لەســەر گۆڤــاری (ژیــن)ی ئەستەنبۆڵ و (**کۆمەڵـەی تـەعالی کوردسـتان**) کـردووە و هـەموو پرسـەکانی دامەزراندنەوەی ڕێکخراوەکەمان لە ژمارە (٦-٧)ی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**) ئەوسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بڵاوکردۆتـەوە، ئـەوە جگـە لـەوەی تـاوتوێی هەنـدێ لـە بابەتـەکانی بڵاوکـراوەی (**یـەك بـوون**)یـشمان کردووە کە هەندێ کەس دەڵـێن ئەوەشـیان بڵاوکراوەیـەکی دیکـەی (**هێڤـی**) بووە، خۆیشمان پێشتر لە چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانییدا وامان ئامـاژە بـۆی کــردووە کــە بڵاوکراوەیــەکی دیکــەی ئــەو ڕێکخــراوە بووبێــت، لەمــەدا دەردەکەوێت نەك هەر پڕ زانیاریترین کەس بووبین لەم بارەوە، بـەڵکو ئـەوە ئێمە بووین لەچـەند نووسـینێکدا ئاماژەمـان بـۆ (**دلاوەر زەنگـی**) نووسـەری کوردی سووریا کردووە، کە کاتی خۆی سۆراغی ئەو بڵاوکراوەیەمان لای ئەو کـردووە و لای ئێمـەش گوتوویـە: گوایـە ئـەو بڵاوکـراوەی (**یـەك بـوون**)ەی کردبێتە دیاریی بۆ ئەنیـستیوتی کـورد لـە پـاریس، بۆیـە نـەك هـەر بەتـەنیا خەڵکی دیکەمان ڕاسپاردووە بچنە ئەو شوێنەو هەوڵ بدەن بیدۆزنەوە.

خۆیشمان لەم سەفەرەدا کە لە بەهاری ٢٠٠٧دا بۆمان ڕەخسا بچینە پاریس لەگەڵ (**د. نەجاتی عەبدوللا**) سەردانی ئـەو شـوێنەمان کـرد، گـەلێك بەدوای ئەم بڵاوکراوەدا گەڕاین بـەڵام هەوڵەکـەی ئێمـەش بـێ بەرهـەم بـوو. پێشم وایە یەکێك لەبنەماکانی لێهاتوویی هەر وەرگێڕێك لەکارەکەیدا ئەوەیـە

شارەزاییەکی لەو بووارەدا هەبێت کە بابەتەکەی لەبارەوە نووسراوە، کەواتە وابـزانم ئێـوەش ئێـستا ئـەم هەقـەمان پێـدەدەن لـەپاڵ توانـاو لێهـاتوویی وەرگێڕەکـەمان ئێمـە لێوەشـاوەترین کـەس بـووبین بـۆ یارمەتیـدانی لـەم کـارەدا، ئـەوە جگـە لـەوەی هەنـدێ سەرچـاوەمان کەوتوونەتـە بەردەست، پێمانوایە لای دانەری کتێبەکەش نەبووە، جگە لە هەموو ئەوانـە، لـە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لەگەڵ دانەری کتێبەکە خـۆی ناسـیاویمان لەگـەڵ یەکدی پەیدا کـردووە، بـەڵکو ئـەو بۆتـە یـەکێك لـە دۆسـتی هـەرە نزیکمـان، هـەرجار لـە سـوێدەوە هاتبێتــەوە کوردسـتان، ئـەو چـەند ڕۆژەی لـە وڵات مابێتــەوە، بەیەکەوە بووین و گفتوگۆمان لەسەر ئەم جـۆرە کارانـە کـردووەو زانیـاری و سەرچـاوەمان گۆڕیوەتـەوە. دیـارە ئـەو جـۆرە پەیوەندییانـەش زیـاتر لـە بەرژەوەندی پێداچوونەوەی کتێبەکەمان دەبێت، لێرەدا بۆ ئەوەی زیـاتر بـۆ خوێندنەوەی کتێبەکە تەشویقتان بکەم.

بەبڕوایەکی پتەوەوە دەڵێم کتێبەکـەی ئێـستامان بـەزمانی کـوردی دەبێ زۆر لە تورکییەکە دەوڵەمەندتر بووبێت. یەکەمیان لەبـەر ئەوەیـە ئـەو ڕۆژە کە بە تەلەفۆن لەگەڵ دانەری کتێبەکە قسەمان دەکرد، دیاربوو زمـانی وەرگێڕەکەی بەدڵ بوو، دووەمیشیان پێی خۆش بـوو کـە مـن بەکتێبەکەیدا دەچمەوە، ئەوەش ڕێگەی بۆ خۆشتر کردووم هەنـدێ زانیـاری دیکـە بخەمـە سەر کتێبەکە، ئەوەتا هەر کەلێنێك لە کتێبەکەدا هەبووبێت بەپاڵپـشتی ئـەو سەرچـاوانەی لای ئێمـە هـەن پڕمـان کردوونەتـەوە، بـەڵکو زۆربـەی ئـەو دەقانەش کە دانەری کتێبەکە کردوونـی بـەتورکی و جـارێکی دیکـە لەلایـەن وەرگێـــڕەوە کراونەتـــەوە بـــەکوردی، زۆربـــەیانمان وەلا نـــاوەو دەقـــە

ئەسڵییەکانمان لەشوێن خۆیان داناوەتەوە، هەندێ ئایاتی قورئانی پیرۆز و دێڕە شیعری عەرەبی هەبوون، کە بەرێنووسی لاتینی نووسرابوونەوە، وا دیارە پاشان، لەکاتی خوێندنەوە، گرفت دروست دەکەن و هەندێ جاریش ڕستەی سەیریان لێ دەردەچێت، هەموو ئەوانەشمان بەڕاست و دروستی نووسیوەتەوەو خستوومانەتەوە شوێنی خۆیان، یان لەپەراوێز ڕوونکردنەوەمان لەبارەوە نووسیون.

کتێبە تورکییەکە کە لەئەسڵدا دوو پاشکۆی هەبووە، لەوانەیە لەم کتێبە کوردییەی بەردەستتان پاشکۆکان بووبنە (٦–٧) و بەسەرەوەش، ئەوەش لەوەوە هاتووە هەندێ لەو دەقانە لەوانەیە کاتی خۆی لەبەر دەستی دانەری کتێبەکە نەبووبن تا بیانخاتە شوێنی خۆیان، تەنانەت ئەو پاشکۆیەش کە لەبارەی (**جڤاتا پێشکەتنا پیرەکێن کورد**)ە، وا دیارە تۆژەر لەبەر دەقە ئەسڵییەکەی ئەو پێڕەو و پرۆگرامەی کردۆتە تورکی کە لەکتێبی (**الجمعیات والمنظمات والأحزاب الكردیة**)دا هەبووە، کە د. عەبدولسەتار تاهیر شەریف لە ساڵی ١٩٨٩دا بڵاوی کردۆتەوە. دیاریشە تۆژەری کتێبەکە، هەر بایی ئەوەندەی کە من تورکی دەزانم، ئەویش هەر ئەوەندە عەرەبی دەزانێت، بۆیە چەند ماددەیەکی پێڕەوەکەی بۆ نەکرابووە تورکی و هەندێ شوێنی ماددەکانی دیکەش، کە وشەکانی بۆ نەخوێندرابوونەوە، خاڵی لەشوێن دانابوون.

لەم کتێبە کوردییەدا هەوڵم داوە هەموو ئەو کەلێنانە پڕ بکەمەوە، بەڵکو لەهەندێ شوێنیش زیادەم خستۆتە تەك پەراوێزەکان. دەمینێتەوە سەر ئەو وێنانەی کە لە کتێبەکەدا هەن، ئەوەی کتێبە ئەسڵییەکەی بە

زمـانی تـورکی لەبەردەسـتدا بێـت دەبینـێ وێنـەکان زۆربـەیان وا ئاماژەیـان بۆکراوە کە لەئەرشـیفی (**فـەردا جـەمیل پاشـا**) وەرگیرابـن، بۆیـە ئـەو ڕۆژە پەیوەندیم بەم خانمە بەڕێزەشەوە کرد، بەڵام بەداخەوە وێنـە ئەسـڵییەکانی لەلا نەمابوو، ئەوەبوو ئاماژەی وا بۆ کردم کە لەوانەیە سـیدیی وێنـەکان لای (**مالمیسانژ**) خۆی پارێزرابن، دوای چەندین هەوڵ تەقەلا، بەتەلەفۆن ئەوم بۆ وەرنەگیرا، باش بوو ئەویش، بەبۆنەی گەڕانەوەی **هەڤاڵێکی** هەردوو لامان بۆ کوردســـتان، خـــۆی پەیوەنـــدی پێـــوەکردم، دوای باســـی وەرگێـــڕان و پێداچوونەوەی کتێبەکـە داوای وێنـەکانمان لێـی کـرد، ئـەوەبوو ڕۆژی دواتـر هەموو وێنەکان و پێناسەی هەریەکەیانی بەپۆستی ئەلیکترۆنی بـۆ نـاردووم، هەرچـی لـەبارەی ئـەو وێنەیـەش، کـە هـی (**مەمـدووح سـەلیم**) و سـێ لـە هاوڕێکانیـەتی، لەنامەکەیـدا وای ئامـاژە بـۆ کـرد بـوو کـە لـە ئەرشـیفی (**د. جەمشید حەیـدەری**) هـەبێت، ئـەوەبوو پەیوەنـدیم بـەو بەڕێزەشـەوە کـرد، ئەویش نەك هەر گفتی دا هەموو هاوکارییەکم بکات، بـەڵکو ئاماژەیـەکی وای بۆ کـردووم کـە کۆمـەڵێك وێنـەی دیکـەی (**مەمـدووح سـەلیم**)ی لایـە لەسـەر ئەوەش پێکهاتووین بیانکەینە پاشکۆیەکی دیکەی ئـەم کتێبـە، ئومێـدەوارم ئەم حەزەشم بێتە دی.

لەلایەکی دیکە هەموو ئەو دەقە کوردییانە کە لە کتێبەکـەدا بـەلاتینی نووسرابوونەوەو وەرگێـڕ جێـی هێـشتبوون، لەسـەر ئـەوانیش بـازم نـەداوەو هەموویانم هێناوەتە سەر ڕێنووسـی بـاو، هەوڵیـشم داوە ڕێنووسـی کتێبەکـە یەکگرتوو بێت، لای منیش ڕەشکردنی دەقی وەرگیراو لـە سەرچـاوەی دیکـە زۆر گرنگە بەفۆنتی دیکە جیـا بکرێنـەوە وەکـو لـە کتێبـە تورکییەکەشـدا وا

کراوە، دیارە ئەوەشیان لای ئێمە هونەرێکی ڕەسەنی نەخشەسازی هەر کتێبێکی لەم بابەتەیە، ئومێدەوارم ئەو حەزەشم سەربگرێ و لەکاتی نەخشەسازی کتێبەکە کارەکەمان لێ هەڵنەوەشێتەوە.

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ لەم کتێبەدا مەسەلەی ناوونیشانە، کاکی وەرگێڕیش ناوونیشانە تورکییەکەی وەکو خۆی، بەبێ ئەوەی بیکاتە کوردی، بە ڕێنووسی ئەمڕۆ نووسیبووەوەو کردبووی بە (**کورد تەلەبە- هێڤی جمعییەتی**)، لە ناوەوەی هەندێ شوێنی کتێبەکەشدا ناوونیشانی (**کۆمەڵەی هێڤی خوێندکارانی کورد**) و ناوی دیکەی وەکو (هێڤی) دانابوو، ئەوەبوو لەگەڵ کاک (**مالمیسانژ**) وا ڕێککەوتین سوود لە ناونیشانەکەی قۆناغی دووەمی دامەزراندنەوەی (**هێڤی**) وەربگرین، دواتر دوای پرس و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هەریەك لە هاوکارانم (**ئازاد عوبێد**) لە هەولێر و (**مسەدەق توفی**) لە دهۆك ناوونیشانی (**جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان**)مان بۆ ناوونیشانی ئەم کتێبەی بە پەسەند زانی و هەڵبژارد، پێیشم وایە ناوونیشانێکی مێژوویی پڕ لە ئاواز و سانا و پڕ بە پێستی کتێبەکەیە، بەم کارەشمان زۆر گرفتی لابەلامان لە کۆڵ بۆتەوە.

دواجار دەمەوێ بڵێم بەماندووبوونی هەریەك لە کارمەندانی کۆمپیوتەر (**مەحموود مستەفا بەهرام**) و (**ئەیوب محەمەد بابەکر**) و (**گۆران جەمال ڕواندزی**)، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نەبووایە، کە لە دەرەوەی کاری خۆیان زۆر پێمانەوە ماندوو بوون، ئەو کارەمان ئاوەها بەم شێوەیە سەری نەدەگرت، بۆیە دەبێ سوپاس و پێزانینی خۆمانیان پێ ڕابگەیەنم، هەروەها نابێ کاک (**سیروان خەلیل**)ی کارمەندی کۆمپیوتەری

(**بنکەی ژین**)یش لەبیر بکرێ کە وادیارە زۆر بەتایپکردنی کتێبەکەوە ماندوو بووە، سوپاس بۆ هاوکارانم (**ڕەفیق و سدیق سالّح**)یش کە لێگەڕاون پێداچوونەوەی کتێبەکەم بەرکەوێ. سوپاس بۆ هاوکاریی کاك "**موحسین قزڵجی**"ش. ئێوەش خوێنەرو تۆژەرانی بەڕێز، هەر ڕەخنە و خستنەڕووی زانیارییەکت لەم بارەیەوە هەیە ئەوا لاپەڕەی گۆڤاری (**ڕۆژنامەنووس**)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ هەر رەخنەیەك و پێشخستنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی والآیە، فەرموون ڕەخنەمان لێ بگرن، ئێمە لای خۆمانەوە پڕ بەدڵ دەڵێین بە (**رەخنە**) و (**دژە بۆچوون**) و (**دژە تەوەر**)، ڕۆژنامەنووسی کوردی پێش دەکەوێ. فەرموون ئەوەش کتێبەکە وا لەبەر دەستان دایە.

هەموو لایەکتان قەڵەمتان بەبڕشت تر بێت و وڵات ئاوەدان.

٢٠٠٨/٥/٧

**مالمیسانژ**– له ساڵی ١٩٥٢دا له شاری دیاربەکر لەدایك بووه. هەر لەو شارەشدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووه، بۆ خوێندنی باڵاش چووەتە شاری ئەنقەرە. لە زانکۆکانی سۆربون و ئۆپسالادا بەشی زمانە ئێرانییەکانی تەواو کردووه. لە زانکۆی **Goteborg** دا بڕوانامەی ماستەری لە بەشی کتێبداری دا وەرگرتووه. هەروەها لە زانکۆی **Linkop**یشدا بەشی پەروەردەی خەڵکی تەواو کردووه. لە کاری هەڵەبڕی گۆڤارەکانی (**هێڤی**)، (**ئارمانج**)، (**چوارچرا**)، (**چرا**)دا بەشداری کردووه و بەرپرسی هەڵەبڕی گۆڤاری (**ڤاتا**)ش بووه.

کتێبەکانیشی ئەمانەی خوارەوەن:

– د. عەبدوڵڵا جەودەت و بزاڤی نەتەوەیی کورد لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەماندا (١٩٨٦)

– فەرهەنگی زازاکی– تورکی (١٩٨٧)

– هێراکلیتۆس (١٩٨٨)

– ل کوردستانا باکوور و ل ترکیێ رۆژنامەگەرییا کوردی (١٩٠٨–١٩٩٢)، لەگەڵ مەحموود لەوەندی نووسیویەتی (بەرگی یەکەم ١٩٨٩– بەرگی دووەم ١٩٩٢)

– سەعید نورسی و کێشەی کورد (١٩٩١)

– چەند نموونەی فۆلکلۆری ئێمە (١٩٩١)

– یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (**کوردستان**) و عەبدوڕەحمان بەدرخان– ژمارەی ١٧ و ١٨، (١٩٩٢)

– پێگەی کەمال فەوزی لە ڕێکخراوەکانی کورددا (۱۹۹۳)

– بەدرخانییەکانی جزیرە و بۆتان و کۆنووسی جڤینەکانی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی (۱۹۹٤)

– کورد، کرمانج، دملی یاخود کوردی زازا (۱۹۹٦)

– فەرهەنگی کوردی– پەهلەوی– کرمانجی (۱۹۹۷)

– جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کوردو ڕۆژنامەکەی (۱۹۹۸)

– Kurdiskt Forfattarskap och Kurdisk Bokutgivning, bakgrund, villkor, betydelese (1998)

– جڤاتا هێڤی تەلەبەی کوردان ۲۰۰۲

## ناوەڕۆك


– پێشگۆتن .................................................. ٣

– بەرایی .................................................. ٢٣

١– جڤاتــا هێڤــی تەلەبــەیێ کــوردان (کــاتو هــەل و مــەرجی دامەزراندن) .............................................. ٢٥

١–١) دامەزراندن .............................................. ٧٠

١–٢) ئامانجەکان .............................................. ٨٤

١–٣) دامەزرێنەران .............................................. ٩٢

١–٤) بەڕێوەبەر، ئەندام و لایەنگرانی .............................. ١٠١

١–٥) کۆنگرەی ساڵی ١٩١٣ی هێڤی .............................. ١٣٥

١–٦) کارەکانی .............................................. ١٤١

١–٦–١) جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان و زمان و ئەدەبیاتی کوردی ١٤٢

١–٦–٢) پەروەردە، زانیاری و سیاسەت .............................. ١٥٣

١–٦–٣) کێشەی ژن .............................................. ١٦٩

١–٦–٤) بەیاننامەکان .............................................. ١٨٣

١–٦–٥) کتێبخانەی جڤات .............................................. ١٩٠

١–٧) سەرچاوەکانی دارایی .............................................. ١٩١

١–٨) لقی هێڤی .............................................. ١٩٢

١–٨–١) لقی لۆزان .............................................. ١٩٤

١–٨–٢) ئایا هێڤی لقی لە (جنێڤ و میونیخ) هەبوو؟ ...... ١٩٦

٩-١) بڵاوكـراوە بەردەوامـەكانی قۆنـاغی یەكـەمی جڤاتـا هێڤـی
تەلەبەیێ كوردان ................................................ ١٩٨
١-٩-١) گۆڤاری ڕۆژی كورد ................................... ١٩٩
٢-٩-١) گۆڤاری یەك بوون ....................................... ٢١٤
٣-٩-١) گۆڤاری هەتاوی كورد .................................... ٢٢٠
١٠-١) داخستنی جڤاتا هێڤی لە قۆناغی یەكەمدا ............... ٢٣٤
١١-١) دامەزراندنەوەی جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ كوردان ........... ٢٣٧
١-١١-١) دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی قۆناغی دووەمی هێڤی .. ٢٤١
٢-١١-١) كارو چالاكی و بڵاوكراوەكانی قۆناغی دووەمی (هێڤی) ٢٤٦
١٢-١) **ئەنجام** ................................................ ٢٦٩

**٢- هەڵبژاردەیـەك لـە بڵاوكـراوە بەردەوامـەكانی جڤاتـا هێڤـی تەلەبەیێ كوردان** ........................................ ٢٧١

**١-٢) هەڵبژاردەیەك لە گۆڤاری ڕۆژی كورد** ............. ٢٧٣
- ڕۆژی كورد- ئامانجی دوایی، مەسلەك ......................... ٢٧٣
- خیتابێك، د. عەبدوڵڵا جەودەت ................................ ٢٧٧
- ڕەوتە نەتەوەییەكان، ح. ب خارپوتی –Garble Sark .... ٢٨٠
- هێزە گشتییەكانی حكومەتو ... میدحەت ................... ٢٨٣
- زیانێكی گەورە بۆ كوردایەتی ................................... ٢٩٢
- ڕێگای یەكگرتن، د. عەبدوڵڵا جەودەت .................:...... ٢٩٤
- هیواو چاوەڕوانیمان لە هێڤی، ح. ب. خارپۆتی ............... ٣٠٠
- نەتەوایەتی كورد، لوتفی فیكری ............................. ٣٠٣

– ڕێزگرتن لە لاوێتی، م. بەدرخان ............................ ٣٠٩
– شوێنی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژی کورد ......................... ٣١٢
– بیرهێنانەوەیەکی تایبەت ..................................... ٣١٢
**چەند بابەتێکی کوردی لە گۆڤاری ڕۆژی کورددا ......** ٣١٣
– **هشیار بن**– م. س. عەزیزی ................................ ٣١٣
– زمان و نەزانییا کوردان– مۆدانی. خ ..................... ٣١٦
– زمان– م. خ ............................................... ٣٢٤
– چیرۆکا کرمانجی– گەندۆ ................................ ٣٢٨
– بەرێ و نها– ئەکرەم [**جەمیل پاشا**] .................. ٣٣٠
٢–٢) بابەتێکی گۆڤاری یەك بوون، [م. سالح بەدرخان]، یەك بوون ٣٣١
**٣–٢) هەڵبژاردەیەك لە گۆڤاری هەتاوی کورد .........** ٣٣٤
– بۆ نووسەرانی گۆڤاری هەتاوی کورد– د. عەبدوڵڵا جەودەت .. ٣٣٤
– بۆ دامەزرێنەرە بەڕێزەکنی ڕۆژنامەی هەتاوی کورد– مەولانزادە ڕفعەت ................................................ ٣٣٨
– کورد و کوردستان– بابانزادە ئیسماعیل حەقی .......... ٣٤٣
– بەیاننامەی جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان ................. ٣٤٨
– لقی لۆزانی جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان ................... ٣٥٥
– بۆ کوردایەتی، سولەیمان ئاساف .............................. ٣٦٠
– پیرۆزبایی ................................................... ٣٦٣
– بانگی کورد ................................................. ٣٦٣
– موستەفا عیزەت بەگ ....................................... ٣٦٣
– بەڕێوەبەرایەتی ئاسانکاری کاروباری بەرژەوەندی عوسمانی .. ٣٦٥

– بۆ ڕای گشتی کورد– **هەتاوی کورد** .......................... ٣٦٦
– بۆ نیشتمانپەروەران (**نیشتمانپەروەران**) .................. ٣٦٨
– **هێڤی** و گەنجێتی، چاوپێکەوتن، **هەتاوی کورد** ............... ٣٦٩
– نامەکانی کوردستان– سیوێرەک– جندۆ لە خێڵی تیرکان ..... ٣٧٣
– ڕیسالەی **هەتاوی کورد**، کەوسەر (**کچە کوردێك لە ماغنیسا**) ٣٨٠
– بۆ برا کوردەکانمان، بابێ ناجۆ [**مۆدانی خەلیل**] .......... ٣٨٥
– بەڕێوەبەرایەتی تەسهیلی مەسالیحی عوسمانی .............. ٣٨٥
– بۆ ڕای گشتی کورد ......................................... ٣٨٧
– **نموونەیەکی بەرزی نیشتمانپەروەری** ........................ ٣٨٨
– **سوپاگوزاری** ................................................ ٣٨٨
– بۆ نیشتمانپەروەران ........................................ ٣٨٩
– **شوێنی بەڕێوەبەرایەتی** ...................................... ٣٩٠

**پاشکۆی (١)** پێڕەوی جڤاتی پێشکەوتنی پیرەکێن کوردان ... ٣٩١
**پاشکۆی (٢)** شەهێدێکی نەتەوە ............................. ٤٠٠
**پاشکۆی (٣)** هەمزە بەگی موکسی ........................... ٤١١
**پاشکۆی (٤)** بەیاننامە جڤاتا فەقیهێ هێڤی کوردان .......... ٤١٥
**پاشکۆی (٥)** جەوانان: بە موناسەبەتی زیندووبوونەوەی هێڤی ٤٢٠
**پاشکۆی (٦)** پەیمان ............................................ ٤٢٢
**پاشکۆی (٧)** ڕاستکردنەوەیەکی مێژووی ئێستا ............... ٤٣٠

**سەرچاوەکان** ................................................. ٤٤١

((گوسفند از برای چوپان نیست

بلكه چوپان برای خدمت أوست))

(له بەياننامەی جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ كوردان – ١٩١٤)

## بەرایی

ژمارەیـەکی زۆر لـە خوێنـدکارانی کـورد، لـە سـاڵانی خوێندنـدا، لـە کۆمەڵە خوێندکارییەکاندا کاریان کردووە یـان هێـشتا کاریـان تێـدا دەکـەن. بەڵام بەهۆی ئەوەی کـە تـا ئێـستا لێکۆڵینەوەیـەکی ئـەوتۆ لەسـەر مێـژووی ڕێکخستنەکانی خوێندکاریی ئەنجام نەدراوە، زانیاری زۆریش سـەبارەت ئـەو مێژووە لەبەر دەسـتدا نییـە. بـۆ نموونـە دەتوانرێـت بگوترێـت کـە تەنانـەت ژمارەی ئەو خوێندکارانەی زانیارییـان لـە بـارەی یەکـەم ڕێکخـراوی یاسـایی خوێندکارانی کورد یانی جڤاتا هێڤی تەلەبەی کوردان هەبێت کە لەم کتێبەی بەردەستتاندا باسی لێوە دەکرێت. ئەم ڕێکخـراوە ئیـدی وەکـو ڕێکخراوێکـی لێهاتووە کە زۆر باسی لێوە ناکرێت و گرنگی پێ نادرێت، ئامانجی سـەرەکی ئـەم کـارەی بەردەسـتتان ئەوەیـە کـە ئـەم کۆمەڵەیـەو بەڕێوەبـەرەکانی بناسێنێت و وەها بکات کە گرنگیان پێ بدرێت.

جڤاتا هێڤی تەلەبـەیێ کـوردان، لەسـاڵی ١٩١٢دا دامـەزراوەو لەگـەڵ دەسـتپێکردنی یەکـەم جـەنگی جیهانیـدا داخـرا، دوای کۆتـایی هـاتنی جەنگەکـەش دووبـارە دەسـتی بـەکار کردۆتـەوە. لـەم کتێبەمانـدا قۆنـاغی (١٩١٢–١٩١٤) وەکو قۆنـاغی بـەر لەشـەڕ یـاخود قۆنـاغی یەکـەمی هێڤـی و

قۆناغی (١٩١٩–١٩٢٢)یش وەکو قۆناغی دوهەمی هێڤی ناوزەند دەکەین. بۆ نووسـینی ئـەم کتێبـەش وەکـو سەرچـاوەی پلـە یەکـەم، سـوودمان لـە گۆڤارەکـانی ڕۆژی کـوردو هـەتاوی کـورد و گۆڤـاری ژیـن و ڕۆژنامـەی ژیـن وەرگرتووە.

لەم کارەدا مەسەلەی هەڵە و ڕاستی دەرخستنی ئەو زانیارییانە بووە کە سەبارەت بە هێڤـی، لـە سەرچـاوە جۆراوجۆرەکانـدا، بەشـێوەی جیـاواز لەیەکتری باسیان لێـوە کـراوە. دیـدو تێڕوانینـەکانی خۆمـان، سـەبارەت بـە بابەتە جیاوازەکان، وەکو یادداشت و پـەراوێز نووسـیوە. بەمـەش ویـستمان ئـەوە بـەبیر بهێنینــەوە کـە پێویـستە لـە نووسـینەوەی مێـژوودا زۆر بـە هەستیاری ڕەفتار بکەین.

بەو هیوایەی کە بەسوود بێت.

١٦ی ئاداری ٢٠٠٢

**مالمیسانژ**